Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٨

# ڤایرۆسی کۆرۆنا
# و
# ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا

**مەهدی فاتیح عومەر**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە و زمان

زانکۆی چەرموو

***Article Info***

Received: June, ٢٠٢٠

Revised: June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

***Keywords***

ڤایرۆسی کۆرۆنا، تراژیدیا، ئەدەب، شیعر، نوکتە

***Corresponding Author***

mahdi.fatih@charmouniversity.org

**پوختە**

ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ناو ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەکاتەوە لایەن شاعیرانەوە نووسراون، هەروەها هەندێ نوکتەش بەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە کە بۆ هەمان مەبەست نووسراون ، ئەم ئاوڕدانەوەیەیش بۆ ئەوەیە، کە دەقی ئەو شیعر و نوکتانە بە هۆی چاپنەبوونیان تا ڕادەیەک لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیدا ئەرشیف بکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دەروازەیەک کە تایبەتمان کردووە بە ناساندنێکی زانستی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت بەم جۆرە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شیعری کوردیدا) لەم بەشەدا جگە لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و تراژیدیا، ئەو دەقە شیعرانە بەسەر دەکەینەوە، کە بۆ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە و ئەو لێکەوتانەی، کە لەگەڵ خۆیدا هێناوی نووسراون.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نوکتەی کوردیدا). لەم بەشەدا جگە لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ساتیر و نوکتە و قسەی خۆش، باسی ئەوەیش کراوە، کە تا چەند پێکەنین هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا دەقی چەند نوکتەیەکیشمان بە نموونە وەرگرتووە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستوتەڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی

زاراوەی کۆرۆنا، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ هاتە ناو ڕاگەیاندنی جیهانییەوە و ڕاگەیاندنی کوردیش پێی ئاشنا بوو، کۆرۆنا بووە ناوی ڤایرۆسێک، کە جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. دوای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لە ناو کورددا، یەکەمین کاردانەوەی شاعیران بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان لە ڕێی شیعرەکانیان دەستی پێ کرد، هەروەها لە ئاستێکی فراوانتردا کۆمەڵێ نوکتە و قسەی نەستەقیشی بە دوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی بۆ

حاڵەتی کەرەنتینەکردنی خەڵکی و ناردنەوەی چینی پیاوان بۆ ماڵەوە و بۆ ئەو دیاردە تازەیە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

وەکوو دیارە، ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان، بریتییە لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا). هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەرچی، لێکۆڵینەوەی زانستی و پزیشکی زۆر لەبارەی ئەم ڤایرۆسەوە کراوە، بەڵام تاوەکوو ئێستا ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین لە نێو کارە زانستییە مرۆڤایەتییەکاندا، لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم ڤایرۆسەوە نەکراوە، هەرچەند لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی تا ڕادەیەک زۆر شیعر و نوکتە بە کوردی و بە ئاستی جیاجیا تایبەت بە بابەت و دیاردەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نووسراون و ئەو دۆخەی کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خوڵقاندی، لەو جۆرە نووسینانەدا ڕەنگی داوەتەوە.

## ئامانجی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردن و خستنەڕوو و ناساندن و ئەرشیفکردنی ئەو دەقانەی، کە لە زمانی کوردیدا بە شیعر و نوکتەوە بەرهەم هاتوون، لە ڕێگەی ئەو دەقانەوە کاریگەریی ئەم ڤایرۆسە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی دەخەینە ڕوو.

## سنوورو بواری لێکۆڵینەوەکە:

لە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەدا دیارە، تەنیا ئەو دەقانەی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نووسراون، وەرگیراون، هەروەها بۆ دەقەکان تەنیا پشتمان بە پەڕەی تایبەتی شاعیران لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەستووە، لەبەر ئەوەی دیاردەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دیاردەیەکی خێرا و کتوپڕ بوو، بۆیە بەرهەمی چاپکراوی شاعیران لەبەردەستدا نییە. دیسانەوە بۆ وەرگرتنی دەقی نوکتەکانیش بە هەمان شێوە ڕوومان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کردووە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، سوودمان زیاتر لە میتۆدێک وەرگرتووە، واتە خۆمان بە میتۆدێکی دیاریکراوەوە، نەبەستووەتەوە.

میتۆدی وەسفی شیکاریمان گرتووەتەبەر، سەرەتا بە میتۆدی وەسفی بۆ ئەوەی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی زانستیانە بخەینەڕوو، بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و نوکتەکان، سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەیی و شێوازی شیکاری وەرگرتووە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی جگە لە پێشەکی، لە دەروازەیەک و دوو بەش پێکهاتووە:

لە دەروازەدا دەمانەوێت پێناسێکی کورتی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕووی زانستییەوە بخەینە ڕوو.

**بەشی یەکەم:** ئەو دەقانەی شیعر دەخەینەڕوو کە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نووسراون و شیکاریان بۆ دەکەین.

**بەشی دووەم:** ئەو نوکتە و قسەنەستەقانە دەخەینەڕوو کە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا وتراون و شیکاریان بۆ دەکەین.

### دەروازە

### ناساندنێک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا:

**(ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا** بە ئینگلیزی (Coronavirus)): گرووپێک ڤایرۆسن کە مەمکدارەکان تووش دەکەن، لەوانەش مرۆڤ و باڵندەکان. لە مرۆڤەکاندا، دەبنە هۆی هەوکردنی مولایی کۆئەندامی هەناسە، بەڵام لە هەندێک بارودۆخدا ڕەنگە کوشندە بن. لە مانگا و بەرازدا لەوانەیە ببنە هۆی سکچوون، لە کاتێکدا لە مریشکدا دەبنە هۆی ژەهراوییبوونی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە. تا ئێستا هیچ دەرمانێکی کوتانی یان خۆراکی بۆ چارەسەر و ڕێگرتن لەم ڤایرۆسە نەدۆزراوەتەوە .

ناوی کۆرۆنا لە وشەی لاتینی corona وەرگیراوە، کە بە مانای تاج دێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوەی ڤایرۆسەکە لە ژێر مایکرۆسکۆپدا بە شێوەی تاج دێتە بەرچاو. ئەم جۆرە ڤایرۆسانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٥ز دۆزرانەوە و لێکۆڵینەوەکان لە سەری تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوون. ئەو کەسانەی کە پێشتر هەڵگری نەخۆشی ترن یاخود ئەو منالانەی کە نەخۆشی دڵیان هەیە خێراتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن. ڤایرۆسە

کرۆنییەکان زیاتر لە زستان و بەهاراندا خەڵک تووشی نەخۆشی دەکەن. هەرچەند ئەم خانەوادەیە لە ڤایرۆسەکان زیاتر لە ئاژەڵاندا بە دی کراوە، بەڵام پێنج جۆریان کاریگەری دەخەنە سەر هەناسەدانی مرۆڤ .

ئەم ڤایرۆسە لە شاری وهان لە وڵاتی چینەوە لە دوایین مانگی ساڵی ٢٠١٩دا دەرکەوتووە و پەرەی سەندووە. ڤایرۆسەکە تایبەت بە ئاژەڵان بووە، کە بە هۆکارگەلێکەوە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە. لە نیشانەکانی نەخۆشییەک کە لەم ڤایرۆسەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکرێت ئاماژە بە تا، کۆکە و هەندێک جار کێشەی هەناسەدان بکرێت. تیمی فریاگوزاری سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشییەکانی ئەمریکا لە توێژینەوەیەکدا بۆیان دەرکەوتووە لە ٨١٪ ی تووشبووان دۆخی تەندروستییان جێگیرە، بەساڵاچووان زۆرترین مەترسییان لەسەرە و لە دۆخێکی سەختدان. ڕێژەی مردن نزیکەی لە ٢,٥٪ ی هەموو حاڵەتەکان، زۆرترینی پیاوان بەرامبەر ژنان دەکوژێت، زۆربەی ئەوانەی تووشبوون تەمەنیان لە نێوان ٣٠–٧٩ ساڵی دایە. (سایتی ویکیپیدیا – ئینسکلۆپیدیای ئازاد):

(

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%A٤٪D٨%A٧ %DB٪٨C%D٨٪

## بەشی یەکەم

### ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا:

پێناسەی جیاواز و دیدی جیاجیا بۆ ئەدەب هەیە، کە هەر یەکەیان ڕەنگدانەوەی سەردەم و کاتی جیاوازە و جگە لەوە لە ڕوانگەی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیی جیاوازەوە ئەم پێناسانە دێنە دەر، بۆ نموونە لە هەندێ ڕوانگەوە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئێشوئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵە و دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانەوەی کۆمەڵگا وەک خۆی، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە، ئەدەب نابێت وەک خۆی کۆپیی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگا بکات، چونکە گەر وابێت، مرۆڤ خۆی هەموو شت دەزانێت، فیکری مرۆڤ بەرەو هیچ لایەک و هیچ ئاراستەیەکدا ناجووڵێنێت. کۆپیکردنەوەی واقیع دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانەوەی کۆمەڵگا وەک خۆی، کۆپیکردنەوەی واقیع لە ناو ئەدەبدا، هۆشیاریی کۆمەڵ هەر لە شوێنی خۆیدا دەهێڵێتەوە و دەستکاریی ناکات، ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ ئەدەب، ئاستی تێگەیشتنی تاکی کۆمەڵگایش لە بەرامبەر ڕووداو و کارەساتەکان، کە بە سەر مرۆڤ دێن، هەر لە شوێنێکدا ڕادەگرێت، بە شێوەیەک هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە دی نایەت، بۆیە لە واقیع و لە ژیانی مرۆڤدا، ئەگەری بەردەوامیی ڕووداوەکان و دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان، هەمیشە کراوە دەبن. ئەدەب لەم لایەنانەوە هیچ شتێکی نەکردووە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و باشترکردنی دۆخی مرۆڤ و بەرگرتنی بە ڕووداوە ناخۆش و کارەسات و تاوانە دژە مرۆییەکان.

ژان پۆڵ سارتەر پێیوایە (هۆکاری دروستبوونی ئەدەب ئاشکراکردنی دونیا و مرۆڤە). (جان بول سارتر،١٩٦١،ص٣٥). یان بە پێی زۆربەی بۆچوونە نوێیەکان ئەدەب هۆکاری خستنەرووی لایەنی پەنهانی مرۆڤە. لەم ڕوانگەیەیشەوە ئەوە بە گرنگ دەزانرێت، کە ئەدەب چاوێکی تر بێت بۆ مرۆڤ، تا کۆمەڵێک پانتایی تری دونیای پێ ببینێت، کە لە ڕاستیدا ناتوانێت بە چاوی ئاسایی بیانبینێت. گرنگیی ئەدەب لەوەدایە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە نهێنیی تری بۆ ئاشکرا دەبێت، ڕووبەری تاریکی تر ڕۆشن دەکاتەوە، ئەوانەیش هەموو ڕاستەوخۆ دەبنە هۆکاری هۆشیاریی زیاتر و وردبینیی و قووڵبینیی پتر بۆ مرۆڤ، هەتاوەکو ئەو ڕووداو و دیاردانەی، کە لە دەوروبەری هەن یان پەیوەستن بە ژیانییەوە و ڕوودەدات، تێیان بگات و هۆشیاریی قووڵی لە سەریان هەبێت، گەر ئارەزووی لە بەرەنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوە لە پێناو ڕوونەدانەوەیان هەبوو، ئەوا ڕووبەڕوویان ببێتەوە و زەمینەی دووبارەبوونەوەیان تێکبدات.

شتێکی ئاشکرایە و گومانی تێدا نییە، کە ئەدەب کارخانەی بەکارهێنانی وشەیە. ئەدیب یان نووسەر تەنها بە وشە ئەو دونیایەی خۆی دەئافرێنێت، وشەیش بە تەنها و بە شێوەیەکی ئەبستراکت ئەو مەبەستەی پێ ناهێنرێتە دی، کە لای سارتەر بریتی بوو لە ئاشکراکردنی دونیا و مرۆڤ، بۆیە دەبێت وشە لە ئەدەبدا بۆ ئەوەی ئەم مەبەستانە بپێکێت، ڕیتم و کێش و ئێستاتیکا بکات بە بەری خۆیدا، خۆی لە ناو مۆسیقایەکی تایبەتدا بتوێنێتەوە و زۆربەی ئەرکە کۆمەڵایەتی و ڕۆتینییەکانی لە دەستبدات

و ئەرکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەکارهێنانی وشە بەم شێوەیە لە ئەدەبدا، توانای تەقاندنەوەی وزەیەکی زۆری دەبێت، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە کاریگەری دەروونیی و ڕۆحیی و عەقڵیی و تەنانەت جەستەییش لە خۆیدا هەڵبگرێت، بتوانێت (وزەی نێگەتیف لە عەقڵ و هۆشیاریی مرۆڤدا بۆ وزەی پۆزێتیف بگۆڕێت. (اياد محمد صقر، ٢٠١٠، ص٣٣-٣٤).

ڕۆلان بارت پێیوایە، تێکستی ئەدەبیی بریتییە لە پارچە نووسینێک، کە زمان خوڵقاندوویەتی، دوو لایەنی هەیە: (دال، کە بریتییە لە پیت و وشە و دەستەواژە، لەگەڵ مەدلوول کە ئەویش لایەنی وێناکردنی ئەو پیت و وشە و دەستەواژانەیە لە زەینداٍ) (خریستو تودوروف، ١٩٩٩، ص٧٠). بەم پێیە وشە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی وەک خۆی لە ناو تێکستی ئەدەبیدا نییە، بەڵکوو وشە دالێکە، کە مەبەستی ئاشکرای شتێکە و مەبەستی حەقیقی، کە دیار نییە و پەنهانە، شتێکی ترە. بۆیە هەڵەیە لە ژێر ناوی سادەیی یان شەفافیەت، یان ڕەنگدانەوەی واقیع وشە و دەستەواژە و دەربڕینی ناو تێکستی ئەدەبی، هەمان مانای کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە بدات و وەک خۆی بەکاربهێنرێت. ئەوانەی سادەیی بێ قووڵبوونەوە و شەفافیەت دەکەنە بەهانەی دروستکردنی ئەدەبێک، کە بۆ هەموو خەڵک بێت و زۆرترین کەس تێی بگات، لە ڕاستیدا ئەوە بە مانای واقیعیەتیش نایەت، چونکە ئەو جۆرە بەکارهێنانەی وشە و دەستەواژە بە سادەیی بێ قووڵبوونەوە بە هەمان مانای خۆی و وەک خۆی، ئەوە دەگەیەنێت کە زمان بە ڕووتی و بێ هێما و ئاماژە بە کار هێنراوە.

بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەدەبمان کرد و لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە پێناس و ئەرکەکانیمان دیاریکرد. لە پەیوەند بە بەشی باسەکەوە کە (ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا)یە، بەو پێیەی کە دەزانین ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشی خۆی چیرۆک و سەرگوزشتەی تراژیدیی هەبووە، کاتێک ئەو باسە دەبیستین، خۆمان لە ناو جیهانێکی مەرگەسات و کارەساتباردا دەبینینەوە، بۆیە ئێستا بە پێویستی دەزانین باس لە تراژیدیا بکەین و جۆری پەیوەندیی تراژیدیا بە ئەدەبەوە دەستنیشان بکەین.

سەرەتا پێویستە بزانین، تراژیدیا لە زمانی کوردیدا بە واتای مەرگەسات وەرگێڕراوە، مەبەستیان لێی هەموو کارێکی ئەدەبی بووە، کە چیرۆکی خەمناک و دڵتەنگی دەگێڕایەوە و گوزارشتی لە خەم و کۆژان و ئازاری مرۆڤ دەکرد و بە تایبەت لە مەرگ و گیانلەدەستدان و کوشتن و قوربانی و دابڕان و... هتد، دا بەرجەستە دەبوو، (تراژیدیا: جۆرێکە لە جۆرەکانی کاری درامی، مەبەست لێی وێناکردنی تراژیدیایەکە کە لە سەر چیرۆکێکی مێژوویی بونیادنراوە. وەک ئاشکرایە وشەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و واتای گۆرانیی دەگەیەنێت، کە ئەویش سروتێکی شانۆیی ئاینییە، کە لە ڕێی گۆرانی گوتنەوە قوربانییان بە بزن دەدا. بە گشتی تراژیدیا پەیوەستە بە خستنەڕووی فۆڕمێک لە حوزن و کارەسات، کە لە دەرئەنجامی کارەساتێکی دڵتەزێن لە کۆتایی شانۆکەدا خۆی دەخاتە ڕوو)( د.محمد حمدي إبراهيم، ١٩٩٤، ص٧). لەمەوە دەتوانین بڵێین (تراژیدیا گێڕانەوەی کارێکی گرنگی خاوەن قەبارە و چوارچێوەیە لە ڕێی زمانێکی ورد و واتادارەوە، کە بە سروشتی بەشەکانی شانۆکە و لە ڕێی ئەو کەسانەی، کە کارەکە دەکەن، واتە نمایشەکە دەبینین نەوەک تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، بە شێوەیەک سەر دەکێشێت بۆ پاککردنەوەی دەروون لە ڕێگەی ترس و سۆز و میهرەبانی بەرامبەر ئەو دەرئەنجام و کاردانەوانە)( أرسطو، ٢٠١٤، ص٢٢).

لەم دوو پێناسەیەوە تێدەگەین، کە تراژیدیا بە هۆی چیرۆک یان ڕووداوی کارەساتئامێز و خەمناکەوە کاریگەریی دروست دەکات و هەوڵ دەدات ترس و سۆز و میهرەبانیی مرۆڤ بجووڵێنێت، دەروون و ناخی پاکبکاتەوە.

پەیوەندیی ئەدەب و تراژیدیایش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە و تراژیدیایش کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستە دەکات و هەوڵی دروستکردنی کاریگەریی دەدات. کە کارەسات ڕوودەدات، زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکات، لە کاتی کارەساتدا زمان توانای گوزارشتی نییە، بەڵکوو تەنها دەتوانێت هاوار بکات، بپاڕێتەوە و بگری، بۆیە لەو چرکەساتەدا زمان کاری خۆی ناکات. شاعیر یان ئەدیب و هونەرمەند، دوای کارەساتەکان لە کاری ئەدەبی و هونەریدا دەتوانن گوزارشت لە کارەساتەکە بکەن، زمان لە کاتی کارەساتدا تەنها دەتوانێت ببێتە کەناڵی کۆکردنەوەی گرتە و ڕووداو و

ساتەکانی کارەسات و هیچ نالێت، ئەگەر بتوانێت بە تەنها ئەرشیفیان دەکات، تا دواتر لە کاری هونەری و ئەدەبی و هەر کارێکی تردا داهێنانی تێدا بکات و بە شێوەی کاریگەر بەرجەستەیان بکاتەوە.

گریان و شیوەن و ڕۆڕۆ تەنها ساتی ڕوودانی کارەساتە، کە زمان ناتوانێت ئەرکی خۆی ببینێت، گوزارشتن لە ڕوودانی کارەسات، دەنا ئەوە کاری ئەدەبی و هونەرییە دەتوانێت ئەو کارەساتە بەرجەستە بکاتەوە و لە ڕێگەی جۆرێکی خۆیەوە کە تراژیدیایە کاریگەری دروست بکات و هەڵوێست و هۆشیاری لای وەرگر بخوڵقێنێت، لە خۆڕا نییە ملکۆ ئەحمەد لە دەقێکی (هایبوون)[1] دا بە ناوی (کۆرۆنا) باس لە تێپەڕینی ساڵێک بەسەر هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنادا دەکات وەک ئەوەی لە زەمەنی کۆرۆنادا تەنها هاواری کردبێت و بە نووسین نەیتوانی بێت گوزارشت لەو دۆخە دەروونییەی خۆی بکات، شاعیر ڕەشبینە و نازانێ نامە بۆ کێ بنووسێت و بۆنی ناخۆش لە هەموو شوێنێک دەکات لە وەسفی ئەو زەمەنەدا دەڵێت:

**(بە من چی! ماڵ و ئۆتۆمبێل و پارە! شار و شەقام و باخچە، دەفتەری شیعر و ئینتەرنێت و خواردن و خواردنەوە! من چی بکەم لەم دنیا چۆڵە، لەگەڵ کێدا بدوێم؟ نامە بۆ کێ بنووسم؟ خواردن بۆ کێ لێنێم؟ شیعر بۆ کێ بنووسم؟ وا ساڵێک بەسەر هێرشی کۆرۆنادا تێپەڕی، دنیا لە چۆڵ چۆڵترە، هەر خۆم بە تەنها، دەنگی با دەمترسێنێ، تەرمەکان لە هەموو شوێنێ کەوتوون، بۆنی ناخۆش هەموو شوێنێکی تەنیوە، ئوتۆمبێلە گرانبەهاکان لە گەراجی تەلارەکاندا وەستاون، کارەبا نییە، دەنگی بانگ نایا، ئاگری بیرە نەوتەکان تا ئێستاش بڵێسەیان دێ! دەنگوباس!!! هەر مردنە، بە دوای کەسێکی تردا دەگەڕێم، هاوار دەکەم: هێی هێی!! دەنگی خۆمم بۆ دەگەڕێتەوە! ئەو گوڵە گەنمانەی بۆ جوانیی هەڵمواسیبوون دەهێنم دەیکوتم، سبەی دەیوەشێنم، هیچ نەبێ ئەگەر لە تەنیاییدا نەمردم، با لە برسێتیدا نەمرم.**

**ئادەمێکی بێ حەوا**
**لە بەهەشتێکی تردا،**
**نەفرەتی کۆرۆنا!)**. (پەڕەی تایبەتی (ملکۆ ئەحمەد- Mlko Ahmad) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ١/٢/٢٠٢٠).

(نیتشە)، کە زۆر بە تراژیدیای گریکیی سەرسام بووە، لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا دەڵێت: (تراژیدیا نەك هەر هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە مەرگ، بەڵکوو سەرچاوەی ژیانی ئەبەدییە و ئاڕاستەیە بۆ ئاسۆ نەزانراوەکان).(د.عبد الناصر هلال، ٢٠٠٥، ص٨٠.) بە لای نیتشەوە تراژیدیا پاڵنەری ئیرادەی مرۆڤە. ئەم ئیرادەیەی باسی دەکات ئیرادەی ژیانە، ڕێک لە قووڵایی تراژیدیاوە هاتووە. تراژیدیا ئەم ئیرادەیەی ژیان چالاک دەکات و وزەی تێ دەگەڕێنێتەوە، دژی نائومێدی و ڕەشبینییە. (ئەدەب بە خەسڵەتێکی تراژیدییەوە ئیرادەی مرۆڤ دەگەشێنێتەوە، دێت ئەم کارانە دەکات:

أ- ئەدەب هەوڵ دەدات ئێمە لە ڕەهەندەکانی ئازاری مرۆڤ و قووڵی و فراوانییەکەی تێ بگەین، یان بە هۆی ئەدەبەوە دەتوانین ئەم کارە بکەین.

ب- ئەدەب هۆکاری پێگەیشتنی هۆشیاریی مرۆڤ و ئەو یادەوەرییانەیە، کە هەیەتی.

پ- ئەدەب دەیەوێت ئەو کارەساتانە بکاتە یادەوەرییەکی ئینسانی، کە هەموومان کۆ دەکاتەوە و ئازارەکانی ڕابردوومانی هەڵگرتووە).(مەهدی فاتیح عومەر، ٢٠١٩، ل٢١٢).

بۆ کەمێک ڕوونکردنەوە دەبێت لە سەرچاوەیەکەوە ڕاڤەی بۆچوونی نیتشە بگوێزینەوە، کە دەنووسێت: (مرۆڤی تراژیدیی عاشقی ژیانە، نامرێت مەگەر لە پێناو ژیاندا نەبێت، نیتشە تایبەتمەندیی مرۆڤی تراژیدیی بە چەمکی "ڕەشبینیی هێزدار" پێناسە دەکات).(ویلیام شیکسپیر، ١٣٨٧، ص٦٨). لەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەدەب و تراژیدیا لە ناو یەک دا و بە یەک ئاڕاستەدا دەتوانن کاربکەن. بۆیە گوتمان پەیوەندیی نێوان ئەدەب و

---

١- هایبوون: ڕەگەزێکی ئەدەبیی تایبەتە، لە تێکەڵکردنی پەخشان و شیعری هایکو دروست دەبێت، هەندێ جار بە پەخشانە شیعری ژاپۆنیش ناودەبرێت، زۆربەی گەلانی دونیا ئەم ڕەگەزە ئەدەبییەیان هەبووە. سەرچاوە: ملکۆ ئەحمەد، تەنز و ساتیر لە دەقی هایکودا، گۆڤاری هایکیست، ساڵی دووەم، ژمارە (٢)، هاوینی ٢٠١٩، ل٥٣.

تراژیدیا ڕاستەوانەیە، بە ئاڕاستەی عەشقی ژیان و بزوێنەری ئیرادەی مرۆڤ کاردەکەن.

گەر لەم دەقەی پشکۆ نەجمەدین وردبینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وەک مرۆڤێکی تراژیدی لە زەمەنی کۆرۆنادا چەند عاشقی ژیانە، کە دەڵێت:

**(لە زەمەنی ڤایرۆسێکی بێئاماندا**

**جادەوبان وکووچە وکۆڵان،**

**با سەرپاکیان داخرابن،**

**کە عاشق بم،**

**بە باڵی ڕووح**

**دەفرم بۆبن داری جێژوان،**

**نەک بە تەنیا چاولەڕێ بیت،**

**نە بادا خێڵی کۆرۆنا،**

**ئاشقت بن،**

**لێت بئاڵێن،**

**بیکەن بە هاوار و فیغان!)** (پەڕەی تایبەتی (پشکۆ نەجمەدین- Pishko Najmadin) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/١٤).

ئەگەر کاری ئەدەب ئەوە بێت، کە مرۆڤ و خەون و کۆژانەکانی بەو شێوەیە دەربخاتەوە، وەک ئەوەی لە واقیعدا نمایش دەکرێن و دەردەخرێن و دەبینرێن، هیچی ئەوتۆی نەکردووە و هیچی تازەی نەهێناوەتە ئاراوە. ئەو زمانەی ئەدەب لە باسکردنی تراژیدیادا دەیخاتە کار، هەرگیز نابێت ئەو زمانە بێت، کە مرۆڤ لە واقیعدا بە کاریدەهێنێت و لەگەڵ دەوروبەردا کاری خۆی پێ ڕاپی دەکات و خۆی پێ دەگونجێنێت، بەڵکوو پێویستە زمانێکی جیاواز بێت، لە پێناو دەربڕینی جیاواز بۆ دۆزینەوەی لایەنی نهێنی و شاراوەی ناو ئەو ڕووداوەی باسی دەکات، کە بە زمانی ئاسایی، لایەنەکانی وەک زمانەکانی (مێژوو، کۆمەڵایەتی، سیاسی، زمانی ئایین و هەر زانستێکی تر) ناتوانن ئەو لایەنە نهێنی و شاراوەی ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی دروستکردنی تراژیدیا، دەربخەن. بۆ نموونە (حەمەسەعید حەسەن) بە جۆرێکی تر باس لە کاریگەریی ئەم ڤایرۆسە دەکات و بە لایەوە ئاساییە خۆی وەک کەسێک و حیزبیش وەک قەبارەیەکی گەورەتر بیگرێت و تووشی ببێت بەمەرجێک یارەکەی سەلامەت بێت و پەڕەی دڵی بۆ دەکاتە دەمامک، ئەوەتا لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

**(چ قەیدی با، تووشی من بێ، کۆرۆنا**

**حیزبیش هەمووی، با بیگرێ، بەس تۆ نا**

**پەڕەی دڵم، بخوازی بۆ، دەمامک**

**بێ دوودڵی، دەیبەخشم پێت، ئەی بۆ نا!)** (پەڕەی تایبەتی (حەمەسەعید حەسەن- Hemeseid Hesen) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/١٢).

لەسەر هەمان ناوەرۆک و بە خۆلادان لە ڕێنماییەکان، کە دوورکەوتنەوە و تێکەڵنەبوونە لە پێناو سەلامەتی و تەندروستیی مرۆڤ، (ئیسماعیل محەمەد) ی شاعیر، بە خۆشەویستەکەی دەڵێت، کە ناتوانم خۆمت لێ دوور بگرم، گەر تۆ گرتت با منیش بیگرم گەر مەرگ و مردنیشی بە دوادا بێت، ئەوەتا لە شیعری(کۆرۆنا)دا دەڵیت:

**(خۆشەویستی ترس نازانێ**

**لە عەشقا دوودڵی کوانێ**

**مەڵێ خۆتم لێ دووربگرە**

**گوێ لە ڕێنمایی بگرە**

**قەت خۆمت لێ بە دوورناگرم**

**با هەزارکۆرۆنا بگرم**

**من هەرلە باوەشت ئەگرم**

**کە تۆ مردی من بۆ نەمرم**

**خاترجەم بە جوان گوێ بگرە**

**خۆشەویستی گەورەترە**

**لە گشت کۆرۆنا و ڤایرۆسێ**

**ئیتر بەندە بۆ بترسێ)** (پەڕەی تایبەتی (ئیسماعیل محەمەد- شاعیر- Esmaeil Muhamad) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٨).

هەر لە چوارچێوەی کۆرۆنا و پەیوەندیی بە عەشق و خۆشەویستییەوە، بەوەی کە شاعیر بەهانەی جوان دەهێنێتەوە بۆ یارەکەی، کە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیش پەیڕەو ناکات، ئەوا هەر ئەم ڤایرۆسە ناتوانێ زەفەری پێ بێنێت و لە گەرمیی خۆشەویستییان شەرم دەکات، یاخود شاعیر خۆی دەبێتە شوێنی خۆپارێزیی یارەکەی و لە گوڵ ماسکی بۆ دروست دەکات، هەروەک (ساڵح بێچار) لە دوو

وێنەی شیعریی جواندا ئەم هەستەی خۆی بەم جۆرە بەیان دەکات، سەرەتا لە وێنەی یەکەمدا بە ناوی (کۆرۆنا) دەڵێت:

**(هەرکاتێ..**

**کە لێومان پێک بگات**

**(کۆرۆنا)ش شەرمە کات؛**

**ئەو ماچە شیرینە، تێکبدات!)** (پەڕەی تایبەتی (ساڵح بێچار- Salih Bechar) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٢/٢٥).

دواتریش لە وینەیەکی شیعریی تردا بە ناوی(ماسکێک لە گوڵ) دەڵێت:

**(کەرەنتینەت، رۆحی منە و**

**لەلای تۆیە هۆش و هەستم**

**هەناسەمت بۆڕادەگرم،**

**ماسکت لە گوڵ بۆ دەبەستم!)** (پەڕەی تایبەتی (ساڵح بێچار- Salih Bechar) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/١٤).

دیسانەوە لە پەیوەندیی کۆرۆنا و عەشق و خۆشەویستی، بەوەی کە شاعیران ئەوین و خۆشەویستیی خۆیان زۆر لە مەترسیی ئەم ڤایرۆسە بە گەورەتر دەزانن، بەوەی کە ناتوانێ لە یەکتریان بکات، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی کە حەز دەکەن ئەم ڤایرۆسە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی کەس بە بیانووی تەوقەکردنەوە دەست نەهێنێ بۆ دەستی دولبەرەکەیان، ئەوەتا (تەهای حاجی مەحموود)ی شاعیر لە شیعری (ڤایرۆسی کۆرۆنا و تینی عەشق) بەم جۆرە ئەم هەستەی دەردەبڕێت:

**(من**

**حەزدەکەم**

**ڤایرۆسی کۆرۆنا**

**هەربمێنێ..!**

**بەڵام هەرگیز،**

**کەس نەمرێنێ**

**ئەزانی بۆ..؟**

**چونکە گوڵم**

**با هیچ کەسێ**

**بۆ گفتوگۆ،**

**دەست نەهێنێ**

**بۆ دەستی تۆ)** (پەڕەی تایبەتی (طه حاجی محمود شاعیر- Taha Hajemahmod) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٥).

دواتر لاساریی ئەم ڤایرۆسەمان پێ دەڵێت:

**(ئەم ڤایرۆسە**

**زۆر لاسارە**

**جیهان هەموو**

**بەدەستیەوە**

**گرفتارە**

**بەڵام گوڵم**

**هەرچی بکا**

**قەت ناتوانێ**

**تۆ لەمن کا)** (پەڕەی تایبەتی (طه حاجی محمود شاعیر- Taha Hajemahmod) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٥).

لە کۆتاییدا شاعیر لە زاری پزیشکەکانەوە پێمان دەڵێت:

**(ئەم ڤایرۆسە**

**پزیشکەکان**

**پێمان دەڵێن**

**لە پوشپەڕو**

**خەرمانانا**

**کۆتایی دێ و**

**خۆی نامێنێ**

**دەی کەوایە**

**هەرگیز بەرگەی،**

**تینی عەشقی**

**ئێمە ناگرێ و**

**دەیسوتێنێ)** (پەڕەی تایبەتی (طه حاجی محمود شاعیر- Taha Hajemahmod) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٥).

ئەدەب هەستی شکست و نیگەرانیی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ ئەم هەستانە تاقی دەکاتەوە، یان ڕاستتر

ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە ساتێکی ژیاندا بە سەریاندا دێت، بەڵام، کە ئەدەب دێت ئەم هەستی شکست و نیگەرانییەی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، دەیگۆڕێت بۆ ورەی بەردەوامبوون و وزەی ڕووبەڕووبوونەوە و دروستکردنی هەستێکی هاوبەش و بەهێز، دیارە ئەدەب نایەوێت شکستی مرۆڤ بکاتە کەرەستەی بەردەوامیی کاری خۆی و لە سەری بژی، بەڵام کە ئەمە بە ناچاریی لە واقیعدا هەبێت و ڕوو بدات، ئەو کات ئەدەب دێت، لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوە و تێکدانی زەمینەی دووبارە ڕوودانەوەی، ئەم پارچانە لە شکستی مرۆڤ هەڵدەگرێتەوە و ئایندەیان لە سەر دروست دەکاتەوە، بۆ نموونە گەر سەیری دەق (بەهارێکی نیگەران) ی ساڵح بێچار بکەین، نیگەرانیی وەرزی بەهار دەگێڕێتەوە، کە بە هۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە مرۆڤ لە جوانی و ڕازاوەییەکەی بێبەش بووە، نازانێت ئاخۆ کەی کۆرۆنا دەڕوات و جارێکی تر لەگەڵ مرۆڤدا ئاوێزان دەبێت، کە بێگومان ئەم نیگەرانییە نیگەرانیی مرۆڤی سەردەمی کۆرۆنایە، شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

**(بەهارچەندە نیگەرانە**
**وا بە خۆی و سەبەتەیەک نێرگزەوە**
**بە توێی کراسێکی ئاودامان سەوزەوە**
**لە پێش دەرگا دانیشتووە**
**کەس ناوێرێ**
**دەرگاکەی لێ بکاتەوە و**
**هەرچڵێکی لێ وەربگرێ**
**بەهار، لە داخا.. وا دەمرێ**
**سەوز، سەوزهەردەڕوانێ و**
**کەس دیارنییە**
**تەنیا وبێدەنگ دانیشتووە**
**پەڕ، پەڕنێرگزدەوەرێنێ..**
**دەڕوات.. ناڕوات،**
**دەڕوات.. ناڕوات،**
**نازانێ.. نا**
**ئاخۆ کەی بڕوات (کۆرۆنا)..؟!)** (پەڕەی تایبەتی (ساڵح بێچار- Salih Bechar) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٧).

بە هەمان هەناسەی غەمگینییەوە، کە مرۆڤ بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە جوانیی سروشت و وەرزی بەهار بێبەش بووە و لە ماڵەوە بە نیگەرانییەوە ڕۆژەکانی بەسەر دەبات، لە چەند دەقێکی (هایکو)[٢]دا (مەهدی فاتیح عومەر) بە تایبەت لە هایکوی یەکەمدا بە سوودوەرگرتن لە قەسیدە بە ناوبانگە بەهارییەکەی حاجی قادری کۆیی کە وەسفی بەهاری کوردستان دەکات و ئاخ بۆ دووری هەڵدەکێشێت، هەروەها لە هایکوی دووەم و سێیەمیشدا ئەو دۆخە غەمگینییە بەیان دەکات کە مرۆڤەکان بە هۆی کەرەنتینەکردنیان لە ماڵەکانیاندا بۆیان دروست بووە، شاعیر دەڵێت:

**( (١)**
**گوڕەی بەهارییە**
**قاقا پێدەکەنێ:**
**"کۆرۆنا"**
**(٢)**
**تەنگەنەفەسی و**
**ڕۆژە زیندانییەکان**
**"ئەم ڕۆژانە"**
**(٣)**
**بەرلە خانەنشینی،**
**هەمووانی ماڵنشین کرد:**
**"ڤایرۆسێ")** (پەڕەی تایبەتی (مەهدی فاتیح عومەر- Mahdi F. Omer) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٩).

هەر پەیوەست بە خەم و نیگەرانییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە هاتنی ئەم ڤایرۆسە، ئەوەیە کە ئەم ڤایرۆسە سەرلەبەری چالاکی و جموجوڵی مرۆڤ دەوەستێنێت، چ ئەو چالاکییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیانکات، کە بۆ بەڕێکردنی ئەم ژیانەی پێیانەوە سەرقاڵە، چ ئەو

---

٢- هایکو (Haiku) یان هائیکو: فۆرمێکە لە شیعری ژاپۆنی، پێکهاتووە لە حەڤدە بڕگەی دەنگی، کە دابەش دەبێت بەسەر سێ دێردا، دێری یەکەم و سێیەم لە پێنج بڕگە پێکدێت و دێری دووەمیش لە حەوت بڕگە. سەرچاوە: ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤٣.

چالاکییانەی کە مرۆڤ لەم دنیا دەیانکات تا پاداشتی ڕۆژی دوایی بە دەست بهێنێت، بۆیە ئەم ڤایرۆسە هیچ جیاوازییەک ناکات لە نێوان چالاکییەکانی مرۆڤ، واتە چی بۆ دڵ و دین باشە هەمووی سڕ دەکات و جوڵەی کەم دەکاتەوە یان نایانهێڵێت. هەر بۆیە (مەهدی فاتیح عومەر) لە دەقێکیدا بە ناوی (بۆ کۆرۆنا) هەر دوو جۆر چالاکییەکانی مرۆڤی ڕیزبەند کردووە و دەیانخاتە ڕوو کە کۆرۆنا لەم ڕۆژگارەدا تا ڕادەیەک مرۆڤی لێ بێبەش کردووە، بەوەی کە چالاکییە دنیاییەکانی بە دووبارەکردنەوەی پیتی (گ) کە هەموو ئەو چالاکییانە بەم پیتە دەست پێ دەکەن و چالاکییە دینییەکانیشی بە پیتی (ج) کە هەموویان بەم پیتە دەست پێ دەکەن، ڕیز کردووە، کە ئاوازێکی ناوەوەی پتەوی لە ڕێی ئەم دووبارەکردنەوانە دروست کردووە، بەم جۆرە کە دەڵێت:

**( ١ )**

**کۆرۆنا..**

**بە گوریسێ گەردنی (گەشت و گەڕان و گاز و گان و گەمە و گەوزان و گەنجی و گوندەیی و گەڕۆکی و گاڵتەوگەپ و گازینۆ و گیپە و گۆرانی و گاوانی و گواستنەوە و گێڕگۆڕین و گوێزەبانە و گەڕەلاوژە) شەتەک دەدا..**

**پێی دەڵێ (نا)..**

**کۆرۆنا..**

**(٢)**

**کۆرۆنا..**

**جومگەکانی جوونبووشی (جومعە و جەماعەت و جەمع و جیماع و جووتبوون و جەژن و جەژنانە و جیرانەتی) جڵەوگیر دەکا..**

**پێی دەڵێ (نا)..**

**کۆرۆنا..**

**(٣)**

**کۆرۆنا..**

**چی بۆ دڵ و دین باشە،**

**بێ جیاوازی مەنعی دەکا..**

**پێی دەڵێ (نا)..**

**کۆرۆنا..)** (پەڕەی تایبەتی (مەهدی فاتیح عومەر- Mahdi F. Omer) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/١٦).

بە پێچەوانەی شاعیرانی پێشوو، گەر سەیری ئەم دەقەی (ملکۆ ئەحمەد) بکەین، نیگەرانیی وەرزی بەهار ناگێڕێتەوە، کە بە هۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە مرۆڤ لە جوانی و ڕازاوەییەکەی بێبەش بووە، بەڵکو شاعیر لە شیعرەکەیدا باسی ئاسوودەبوونی سروشتی بەهار و هەموو ئەو بوونەوەر و گوڵ و گیایەی کە لەم وەرزەدا سەردەردەهێنن دەکات بەوەی، کە ئیتر دەستی مرۆڤیان ناگاتێ و بە تەواوی چێژ لە ماوەی تەمەنی خۆیان لە وەرزی بەهاردا دەبینن و سروشت بە پاشماوەی مرۆڤ پیس نابێت، شاعیر دەڵێت:

**(بەهاری ئەمساڵ....**

**وەک ساڵانی ترنییە**

**نە کیسە نایلۆنەکان**

**ڕیخۆڵەی ئاژەڵەکان شەتەک دەدەن**

**نە دەبە پلاستیکییەکان گەرووی جۆگەلە و چەمەکان دەگرن**

**ئەم بەهارە... بەبێ ترس**

**ئاسکیلەکان**

**لە کانیاوەکان دەستنوێژی ژیان دەگرن)** (پەڕەی تایبەتی (ملکۆ ئەحمەد- Mlko Ahmad) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٤/٢).

شاعیر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسوودەبوونی سروشت بەردەوامە، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

**(چاوبازەکان بە بێ درک باڵا دەکەن**

**باڵی داربەڕووەکان نابنە جۆلانە**

**ئازاری ئاگرناگاتە دڵی پیرەداران**

**پەپوولەپاییزە...**

**بەبێ فووی منداڵان دەفڕن و دەفڕن**

**ئاوی ڕووبارەکان شڵپە بە خۆیانەوە نابینن**

**مرۆڤ لەوێ نییە... ترس نییە**

**ئارام ئارام...**

**شەپۆلەکان لێوی تەڕیان دەنێن بە کەنارەکانەوە)** (پەڕەی تایبەتی (ملکۆ ئەحمەد- Mlko Ahmad) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٤/٢).

گەر شاعیران زیاتر بەو چاوە سەیری هاتنی ئەم ڤایرۆسەیان کردبێ، کە بووەتە هۆی تێکدانی ئارامیی مرۆڤ و تراژیدیا دەخوڵقێنیت و دەستکاریی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانی کردووە و سروشت و مرۆڤی لەیەکتر تۆراندووە، ئەوا (جەوهەر جەلال)ی شاعیر بە جۆرێکی جیاواز لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە دەڕوانێت، ڕوانینی ئەو ڕوانینێکی نەتەوەییانە و چینایەتییە و بابەتەکە زیاتر پەیوەست دەکات بە دۆزێکی ڕامیارییەوە. شاعیر لە هەستی جوانیناسییانەی خۆیەوە گومان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات و پێی وایە تا ئێستا کۆرۆناش نەیتوانیوە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان و مرۆڤە شەڕەنگێز و ئەنفالچییە نیشتمانفرۆشەکان لە ناو بەرێت، بەڵکو ڕوو بە خەڵکی هەژار و عاشقە دڵپاک و جوانەکان وەستاوە و ژیانی سادەی مرۆڤە ساکارەکانی وێران کردووە، بۆ سروشت و عەشق و ماچ و هەژاران، کۆرۆنا، ڕیش چڵکنێکە و تەنها بە ئەوان دەوێرێت، شاعیر لە شیعرەکەیدا بە ناوی (کۆرۆنا) دەڵێت:

**(بە گومانم لە (کۆرۆنا)**
**هەتا ئێستا**
**لە دەرگای ماڵە جاشێک و**
**ئەنفالچییەکی نەداوە!**
**نەچۆتە ناو کاسە و خوانی**
**سەرۆکێکی کورسی پەرست**
**بەرامبەر هیچ جەلادێک و**
**شەڕەنگێزو**
**مرۆڤ کوژێک نەوەستاوە!**
**کەچی وەکو**
**دوژمنێکی عەشق و جوانی**
**بەرامبەر ماچ**
**بە ڕیشەوە**
**شمشێری لێ هەڵکێشاوە!)** (پەڕەی تایبەتی (جەوهەر جەلال- Jawhar Jalal) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٢/٢٨).

هەر نزیک لەو هەستەی جەوهەر جەلال، (مەهدی فاتیح عومەر)، دوورەپەرێزی و ئاوێزاننەبوونی ئەڤینداران بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە لە چوارچێوەی دەقێکی هایکویدا، دیارترین ئایکۆنی نێوان ئەڤینداران (کە ماچە) بە دیار خستووە و سەرەڕای ئەو کاریگەرییە هەمەجۆر و جیاوازانەی، کە لە بەش و نموونەکانی پێشتردا خرانەڕوو بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە، هێشتا کاریگەریی ڤایرۆسەکە کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی پەیوەندییەکانیان دەبێت. وەک لەم دەقەدا دەیخاتەڕوو:

**(لەبەر ڤایرۆس**
**ماچێ بە لێومەوە**
**مانی گرتووە)** (پەڕەی تایبەتی (مەهدی فاتیح عومەر- Mahdi F. Omer) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٠/٣/٢٩).

هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە مایەی کارەسات و غەمگینی و نیگەرانی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و قوربانییەکی زۆری لێ کەوتەوە، بۆیە زۆرینەی شاعیران بە خەم و نیگەرانییەوە لەم دۆخەیان ڕوانی و تێکستەکانیان پڕ بوون لەو خەم و ئازارەی، کە ئەم ڤایرۆسە بەدوای خۆیدا هێنای، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک تێکست بنیاد نران، کە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک کۆمیدی و پێکەنینهێنەر گوزارشتیان لەو بارودۆخە کردووە کە ئەم ڤایرۆسە لە ژیانی کۆمەڵگەدا دروستی کردووە، (پشکۆ ڕەحیم) وەک شاعیر و نووسەرێک ساڵانێکی زۆرە بە تەنزەوە گوزارشت لە دیاردە تازەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بە هاتنی لە ناکاوی ئەم ڤایرۆسەشەوە، هەر بۆیە لە دەقێکی چوارینەبەندا و بە شێوەی تەنز گوزارشت لە حاڵەتی ئیرۆتیکی سەردەمی کۆرۆنا دەکات و ئێمەش ئەم دەقە تەنز ئامێزە دەکەینە دوا دەقی ئەم بەشە و لێیەوە دەپەڕینەوە بۆ بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان، شاعیر لە هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

**(هەرنیگای لێوی جاروبارت بوو**
**خەمی ڕۆژگاری لە بیردەبردم**
**ئەوا کەمامەی ڤایرۆسی دڵ ڕەق**
**وەکو جەللادێ، لەوەشی کردم**

**وەرە دکتۆری شێتی و پەرکەمم**
**دەوا و دەرمانی ناسۆرو خەمم**
**ئەگەردڵنیایت کۆرۆنات نییە!**

**دەمەکەت بێنە بیخە ناودەمم**

**کراست بۆدەدرووم کەتان وکرێش**
**ناسک وتەنک وەکوباڵی مێش**
**کۆرۆنام نییە، دەمت بێنە پێش**
**بە چنگ بۆت بگرم دووکفتەی برۆیش**

**تاویٚ دەستبازی، تاویٚ گاڵتەوگەپ**
**تەپاوتل بکەین بە ڕاست وبە چەپ**
**بڕۆین بشکێنین، ئەم کەرەنتینە**
**ئێخەی کراست بدڕێنم بە قەپ**

**سەد ڕۆڵم بۆتۆ بینی، ئەم جارە**
**وەک غازفرۆشێک خۆم پیشان ئەدەم**
**من ئەوڕاوچییەم کۆڵدانم نییە**
**هەتا تیرەکەم لە نیشان ئەدەم....)** (پەڕەی تایبەتی (پشکۆ ڕەحیم- Pishko Rahim) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٩/٣/٢٠٢٠).

## بەشی دووەم

**ڤایرۆسی کۆرۆنا وڕەنگدانەوەی لە نوکتەی کورددا:**

لە کۆنەوە وەها پێناسەی کۆمیدیا کراوە کە (جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆ و نواندن لە بواری تەلەفزیۆن و سینەما و هەندێك جار دەقێکی خەیاڵی، کە تێیدا چەندین ڕووداوی پێکەنیناوی یاخود کۆتاییەکی پڕ بەختەوەریی هەیە، نوکتە و قسەی خۆشی خەڵکی و تەواوی چیرۆکە پێکەنیناوییەکان دەکەونە چوار چێوەی کۆمێدیاوە). (جاسم المنیاوي، ١٩٨٤، ص٥٦). بەڵام لە ڕاستیدا کە کۆمێدیا پێکەنین بەرهەم دەهێنێت، لەوێوە دێت، کە مرۆڤ پڕە لە ئازار و مەینەتی، هەر چەند پێکەنین و خۆشی سروشت و مافی مرۆڤن بە گشتی، بەڵام زۆر کات مرۆڤ بۆ ئەوە پێدەکەنێت تا بتوانێت بەرگەی ناخۆشییەکانی ژیان بگرێت. پێکەنین سیمای مرۆڤ لە کەشێکی تەندروست و شادی و ژیاندۆستیدا نیشان دەدات، بەرهەمهێنانی پێکەنین لە کاری ئەدەبی و هونەریدا گوزارشت لە بوونی کۆمێدیا دەکات. بۆیە پێکەنین نمایشی هەم جەستەیە و هەم عەقڵ. بەم شێوەیە، (پێکەنین شتێک نییە هەر ڕواڵەتی بێت و تەنها بە دەربڕینێکی ئاسایی سیما و جەستە حسابی بۆ بکرێت، بەڵکو بریتییە لە جۆرێک هۆشیاری، هەندێک جار شێوازێکە لە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن و دەرخستنی کەموکوڕییەکان چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئایینی یان هەر بوارێکی ترەوە بێت. هەندێک جاریش خەندەی لێو هێمایە بۆ کەیفهاتن بە خۆشییەکانی ژیان و ژیاندۆستی، لەم ڕوانگانەوە بۆ مرۆڤ لە هەر کات و شوێنێکدا پێکەنین، هیچ کارێکی ئەستەم یان دژ و ناکۆک نییە، یاخود هەندێک کەس ڕەنگە پێیان وا بێت، کارێکی گاڵتەجاڕی و هێنانەخواری بایەخی پرسەکە بێت). (مەهدی فاتیح عومەر، ٢٠١٩، ل٢٥٣).

پێکەنین یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کۆمیدیا (بابەتی کۆمیدیا ئەو کەموکورتی و لەنگییانەیە کە پێکەنین دەوروژێنن، بەڵام خستنەڕووی ئەم بابەتانە تەنیا بە مەبەستی پێکەنین نییە، بەڵکو لە ڕێگای پێکەنینەوە هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو خواروخێچییانە دەدات، واتە بە پێکەنین برینەکان چارەسەر دەکات). (د.جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠١٢، ل٥٣-٥٤). پێکەنینیش بە جۆرێك بەرهەم دێت، کە نووسەر یان هونەرمەند، زمانی ڕەخنەگرتنی لە دیاردە خراپ و دزێوەکانی ناو کۆمەڵگا و سیستەمی بەڕێوەبردن و سیاسەت و ژیانی مرۆڤ، بریتییە لە جۆرێك لە ئاخاوتن کە بە قسەی خۆش و خەندە بەرهەمهێن دەناسرێن و وەردەگیرێن. (قسەی خۆش وەکو لە ناوەکەیدا دیارە، هەموو ئەو باس و بەسەرهات و دەربڕینە خۆشانە دەگرێتەوە، کە چەشەیەك بە بیسەر دەبەخشن و زەینی فراوانتر دەکەن. زیاتر لە جۆرێکی هەیە، هەیەتی پێکەنینهێن و هەشیەتی گریانهێنە، بەڵام بە هەموویان خزمەت بە خەڵکی دەکەن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەرەو سەرکەوتن و ئاسوودەیی و ئارامی دەروونییان دەبەن). (د.ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ل١٧٩).

نوکتەیش دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی پێکەنینە. (ئامانجی سەرەکیی نوکتە هەر لە کۆنەوەو تا ئەمڕۆ ڕەخنەیە، جا ڕەخنەی سیاسی بێ، یان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. چونکە خەڵکان بەردەوام لە نێوان خۆیاندا نوکتە دەگۆڕنەوە، ئەمەش بۆ پشوودان بە دەروونی خۆیان

و دەربڕینی ئەو گرێیەی لە دەروونیان گیری خواردووە و لە باری ئاسایی بە زمانی ئاسایی ناتوانن بیگەیەنن). (د.ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ل٢٣٤). هەروەها (زانایانی دەروونیش روونیان کردۆتەوە، کە نوکتە بەشدارییەکی باشی هەیە لە ڕەواندنەوەی غەمی تاك و ڕزگاربوونیان لەو کێشانەی ڕۆژانە تێی دەکەون...، لە دوای ڕۆژێکی درێژ و پڕ لە ماندووبوون ئادەمیزاد پێویستی بەوە هەیە، نوکتەیێکی خۆش بڵێ، یان ببیسێ و بە هۆیەوەی خۆشییەك بە دەروونی بگەیەنێ، نوکتە دەیەوێت ئەو خزمەتەش پێشکەش بکات). (د.ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ل٢٣٥). لە دیارترین خەسڵەتیدا (نوکتە، بە زمانێکی سادە و بە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی کورت، بیرۆکەیەك دادەڕێژرێت، بەڵام ئەو چەند وشە کورتە هەڵگری بیرێکی چڕوپڕن). (د.جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠١٢، ل٥٨). جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێ نموونە لەو نوکتانە بنووسین، کە تایبەت بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرهەم هاتوون:

**(ئەڵێن: ئەمڕۆ لە شوقەیەک پۆلیس ئافرەتێکیان هێناوەتە خوارەوە، هەموو خەڵک سەیریان کردووە، وتویەتی: مەترسن کۆرۆنام نییە، مەسەلەی ئەخلاقە!).**

**(ئەڵێن مەسئوولێک تووشی کۆرۆنا بووە، بەڵام حکوومەت ناوێری کەشفی بکا، لەبەرتەقەی خۆشی!).**

**(ئەلوو: کاکە ئەوە بۆ جوابی تەلەفون نادەیتەوە، کەی ئەو پارەیەم دەدەیتەوە. براگیان لە ئێران بووم، ئەمڕۆ هاتمەوە، لە کوێیت با بێم بۆ لات. براگیان من پەلەم نییە تا مانگی شەش با لاتبێت).**

**(نیشانەکانی کۆرۆنا: گەرمبوونی گیانە، لەرزینی ئەندامەکانت، بێهێز بوون، شلبوونەوە، تەنگەنەفەسی، هەندێ جار ئارەقکردنەوە. ئێستا من عەشایەر و ئێوە ڕۆشنبیر، بەس خواوەکیل ئەمانە زۆرتر نیشانەی ڕەحەت بوونە!).**

**(لەو ڕۆژەوەی وتوویانە کۆرۆنا بەتەمەنەکان دەکوژێت، باپیرم سەیری تۆم و جیری ئەکات).**

**(هەر کەسێ کۆرۆنا بگرێ و نەمرێ، کەمئەندامی سەنگەرە....وەزارەتی ئەوقاف.)**

**(باش بوو یەکەم قوربانی کۆرۆنا عارەقخۆر نەبوو، ئەگەرنا مێشکیان دەبردین).**

**(دەڵێن ئەو پیاوەی مناڵەکەی ناو نابوو ڕیفراندۆم، ڕۆیشتووە بۆ نفووس بۆی بگۆڕن بە کۆرۆنا!! باوکی ئەڵێت: دڵنیام ناوی بنێم کۆرۆنا ئیتر کۆرۆنا فەشەل دێنێ!)**

**(مناڵێک وتی: باوکە کۆرۆنا ژنە یا پیاوە؟ باوکیشی وتی: کوڕم، مادام دنیای بە گیرهێناوە ژنە!).**

**(ئەگەر کۆرۆنا لەڕێی گوێوە بگوازرایەتەوە، ئەم خەڵکە قەت تووش نەدەبوو، چونکە هیچ ناچێ بە گوێیاندا!).**

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە چۆن نوکتە لە ئەدەب و هونەردا دەتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنێت. ئەم بابەتە کاتێك دەتوانێت کۆمیدیا بەرهەم بهێنێت، کە پێکەنین تێیدا هەر بۆ پێکەنین نەبێت و دیوێکی بەهێزی پەیامی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە و حاڵەتانەی تێدا بێت کە دەیکەن بە کەرەستەی پێکەنین. ئامانجێکی کۆمیدیا گەیشتنە بە تراژیدیا (کۆمیدیای ڕەش دەتوانێت وا بکات، قاقا قاقا پێبکەنین و خورخوڕ بگرین، ئاخر گاڵتەجارییەکە خوێنی لێ دەچۆڕێت). (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠١١، ل١٠٦). نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا ساتیر دروستدەکەن. (ساتیر خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکات و گاڵتەئامێزانە ئاوڕ لە کارەساتەکان دەداتەوە و خوازیارە لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساویی بگەشێنێتەوە).(حەمەسەعید حەسەن، ٢٠١١، ل٦). پێکەنین وەك دروستکەری کۆمیدیا بەشێکی زۆری پەیوەندیی بە ناخۆشی و ئازار و مەینەتییەوە هەیە، بەڵام مەبەستدارانە بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکرێت (خەڵکی ساکار پێیان وایە، کۆمیدیا پێوەندیی بە ئازارەوە نییە، وەلی لە ساتیردا، لەودیو هەر قاقای پێکەنینێکەوە، قوڵپی گریانێك خۆی مات داوە). (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠١١، ل٨). هەروەها (ساتیرا، گاڵتەکردنە بە گێلی و خواروخێچی، بە بەکارهێنانی ڕیسواکردن و سووکایەتی پێکردن و کەمکردنەوە، بۆ ئاشکراکردنی لایەنی لاوازی و هەڵەی مرۆڤ). (د.جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠١٢، ل٤٥).

نوکتە دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی پێکەنینە و ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەیە و دەروونناسانیش دەڵێن: نوکتە بەشدارییەکی باشی هەیە لە ڕەواندنەوەی غەمی تاك و ڕزگاربوونی لەو کێشانەی ڕۆژانە تێیدەکەون.

هەروەها نوکتە بە زمانێکی سادە و بە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی کورت بیرۆکەیەك دادەڕێژێت، بێگومان ئەو چەند وشە کورتە هەڵگری بیرێکی چڕوپڕن، بەڵام دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمیدیا نییە، بەڵکو دەکرێت ببێتە چاوگێکی بچووك بۆ کۆمیدیا، (ئەو کۆمیدیایەی نوکتە دەکاتە دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی، بە دڵنیاییەوە کۆمیدیایەکی ساختەیە، چونکە زمانی نوکتە بە زۆری زمانی ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤە، هەمیشەیش ئەوەی نوکتەسازە، خەڵکانی تر دەکات بە بابەتی نوکتە و زۆر جار ڕەگەزێك یان خەڵکی شوێنێکی دیاریکراو یان پێکهاتەیەکی کلتووری یان خەڵکانی لادێ یان بەتەمەن دەکاتە بابەتی گاڵتەجاڕی. لە نوکتەدا هەرگیز بابەتی ڕەخنە لە خۆگرتن لە ئارادا نییە، سیستم و دەسەڵاتی نادادپەروەر بە کەمی دەکەونە بەر نەشتەری نوکتە، بۆیە ئەو پێکەنینەی نوکتە دروستی دەکات پێکەنینێکی قووڵ نییە، ناتوانێت دۆخی وەستاوی عەقڵێکی دۆگما بجوڵێنێت و بەرەو گومان و ڕامانی بەرێت). (پ.ی.م.مەهدی فاتیح عومەر، ٢٠١٧، ل٤٦٦). لێرەوە بە پێویستی دەزانین، کە ئاماژە بە هەندێک لەو نوکتە و دەربڕاوە تەنز ئامێزانە بدەین، کە دیاردە و ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ خۆیدا هێناوینیەتە ناو و سەر زمانی قسەپێکەرانی کوردەوە، بەتایبەت ئەو دەربڕاو و نوکتانەی، کە تایبەتن بە ناردنەوەی پیاوان بۆ ماڵەوە بە ناوی(کەرەنتین )[٣]ەوە وەک ڕێکارێکی خۆپارێزی، کە لەڕاستیدا ئەم حاڵەتە زۆرترین لێکەوتەی هەبوو لە ناو کۆمەڵی کوردیدا و زۆرترین نوکتە و قسەی خۆشی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بۆ نموونە:

**(پیاوێک ئەڵێ: لەبەر زۆر مانەوەم لە ماڵەوە بەینی من و ژنەکەم ئەوەندە باش بووە، خەریکە باسی کەپڵەکەمی بۆ دەکەم!).**

**(ژن و پیاوێک دەبێ بە شەڕیان، ژنەکە دەڵێ: هەستە بڕۆ دەرەوە ناوسکت خواردووین، مێردەکەشی دەڵێ: پیاو نییە بمکاتە دەرەوە، من بە بڕیاری حکوومەت لە ماڵەوەم!)**

**(هێندە لە ماڵەوە ماومەتەوە، ژنەکەم هەر جارێ بەلاما دەڕوا، دەڵێ: خوایە ئەم بەڵایەمان لە کۆڵ بکەیتەوە!! جا نازانم مەبەستی منە یا کۆرۆنا.)**

**(خوا ژنێکی خستە دۆزەخەوە لەبەر ئەوەی پشیلەیەکی سجن کردبوو، دەبێت چی لەم حکوومەتە بکات، ئەم هەموو شێرەپیاوەی سجن کردووە.)**

**(دراوسێیەکم هەیە فیتەری پێشی سەیارەیە، ئێوارە بینیم وتم: لەگەڵ بێکاریی کەرەنتینەدا چۆنیت؟ وتی: وەڵڵا ئەم ماوەیە لە ماڵەوەم دیقەتم داوە ژنەکەم کە دەڕوات کەمێک بە لای ڕاستدا وەری دەگرێت.)**

**(پیاوێ ژنەکەی؛ چوارشەممە سڵقاوی بۆ لێ نابوو، پێنجشەممە پەڵپینە، جومعە کەنگری لێ نابوو. ئەمڕۆ وتبووی: ژنەکە هیچ لێ مەنێ، خۆم ئەچم لەو دەشتە دەلەوەڕێم!!)**

**(دەڵێن قاچاخچییەک پەیدا بووە، بە دزییەوە خەڵک بۆ ماڵە خەزوورانی دەبا).**

نوکتە و بابەتە تەنزئامێزەکان کە بۆ هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە گشتی و کەرەنتینەکردنی پیاوان بە تایبەتی دانراون زۆرن و ڕۆژبەڕۆژ و بەردەوام لە زیادبووندان، بەردەوامی و زیادبوونیشیان پەیوەستە بە بەردەوامی و ئامادەیی و مانەوەی ئەم ڤایرۆسە، چونکە ئاشکرایە، کە ڕووداو و پێشهاتەکانی چواردەوری مرۆڤ، هەمیشە ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمە مرۆییەکاندا دەبێت، زمان و ئەدەبیش وەک یەکێک لە دیارترین چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی

٣- کەرەنتینە: بنچینەی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئیتاڵی، مێژووەکەشی بۆ چوارسەد ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کاتێ نەخۆشیی تاعوون لە ئەوروپا سەری هەڵدا، کە یەک لەسەر سێی دانیشتووانی کیشوەرەکەی لەناو برد، ئیتاڵییەکان ئەم وشەیەیان بۆ لەنگەرگرتنی ئەو کەشتییانە بەکارهێنا کە لەنگەریان لە لێوارە ئاوییەکانی ئەو وڵاتە دەگرت، دەبوایە بۆ ماوەی چل ڕۆژ بمێننەوە بێ ئەوەی کەس لە سەرنشینەکانی دابەزن یان تێکەڵی خەڵک بن، لە لاتینیشدا بە مانای مانەوەی ژنێک دێت لە ماڵەوە کاتێ هاوژینەکەی لە دەست دابێت، بۆ ماوەی چل ڕۆژ بێ ئەوەی ئەو ژنە تێکەڵی هیچ کەسێ بێت. کەرەنتینە لە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیش هاتووە، بە مانای مانەوەی چل ڕۆژ لە شوێنێکی داخراو، ئێستا وشەکە لە جیاتی چل ڕۆژ بۆ چواردە ڕۆژ بە کار دێ بۆ دیارخستنی تووشبوون و تووشنەبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا. سەرچاوە: ئەم لینکە لە سایتی ڕووداو: /

Rudaw.net/videos/٥٠٢٠٧٣٣١٧٣٤٩٦٩٥/?v=٥٠٢٠٧٣٣١٧٣٤

مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆیی بەردەوام کار و کاردانەوەی لەسەر رووداو و دیاردەکانی دەرەوە دەبێت و رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە تانوپۆی ژیانی مرۆیان کردووە. هەر بۆیە ئێمە بەم چەند نوکتەیە کۆتایی بەم بابەتە دەهێنین، شایانی وتنە سەرجەم نوکتەکان سەرچاوەیەکی تایبەتی و دیاریکراویان نەبوو تا ئێمە ئاماژە بە سەرچاوە رەسەنەکانیان بدەین، هەموویان لە پەڕەی تایبەتی و پێگەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراون.

## ئەنجام

١- ئەدەبی کوردی بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکاری و دیاردە هەمەچەشن و جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هاوتەریب بووە، هەر بۆیە 'ڤایرۆسی کۆرۆنا' کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ دا بڵاو بووەوە، زۆرترین کاری ئەدەبی و هونەری بۆ بەرهەم هێنرا لە ناو ئەدەب و هونەری کوردیدا.

٢- ئەو شاعیرانەی شیعریان بۆ ئەو دۆخە نووسی، لە روانگەی تێگەیشتن و هەستی ئیستاتکییانەی خۆیانەوە، لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی دواون.

٣- بە سەرنجدان لە دەقی شیعرەکان، دەردەکەوێت کە هەندێکیان لە لایەنی تراژیدی و هەندێکیان لایەنی چاکەی ئەم ڤایرۆسە دەردەخەن، هەندێکیشیان پەیوەستیان کردووە بە لایەنی خۆشەویستی و چینایەتی و تەنانەت رامیاریشەوە.

٤- هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گەرچی خۆی لە خۆیدا کارەساتبارە، بەڵام دیسانەوە ئەم کارەساتە پەیوەست کرا بە پێکەنینەوە و گەلێ نوکتە و قسەی خۆش بەرهەمهاتن، هەر بۆیە ناردنە ماڵەوەی هەموو خەڵکی بە ناوی کەرەنتینەوە، بە تایبەتی توێژی پیاوان زۆرترین نوکتە و قسەی خۆشی بە دوای خۆیدا هێنا، کە ئەمیش سەرەڕای لایەنە تراژیدی و کارەساتبارییەکە، چێژێکی هونەری و ئیستاتیکی لەناو دەق و ئەدەبی کوردیدا دەنەخشێنێت.

## سەرچاوەکان


**به کوردی:**

**یەکەم: کتێب:**

١- ئیدریس عەبدوڵلا(د)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٤.

٢- جەبار ئەحمەد حسێن(د)، بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، کوردستانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٣- حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٤- حەمەسەعید حەسەن، هونەری نووسینی چیرۆک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٥- ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

**دووەم:گۆڤار:**

١- پ.ی.م.مەهدی فاتیح عومەر، کۆمیدیای ساختە، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٣)، کانوونی یەکەمی٢٠١٧.

٢- ملکۆ ئەحمەد، تەنز و ساتیر لە دەقی هایکودا، گۆڤاری هایکیست، ساڵی دووەم، ژمارە (٢)، هاوینی ٢٠١٩.

**سێیەم: نامەی زانکۆیی:**

١- مەهدی فاتیح عومەر، پرۆسەی ئەنفال و رەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

**چوارەم: پێگەی ئەلیکترۆنی:**

١- سایتی رووداو:

/

Rudaw.net/videos/٥٠٢٠٧٣٣١٧٣٤٩٦٩٥/?v=٥٠٢٠٧٣٣١٧٣٤

٢- سایتی ویکیپیدیا (ئینسکلۆپیدیای ئازاد):

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%A٤٪D٨٪A٧%DB٪٨C%D٨٪

**پێنجەم: فەیسبووک:**

١- پەڕەی تایبەتی (ئیسماعیل محەمەد-شاعیر- Esmaeil Muhamad).

٢- پەڕەی تایبەتی (پشکۆ ڕەحیم- Pishko Rahim).
٣- پەڕەی تایبەتی (پشکۆ نەجمەدین- Pishko Najmadin).
٤- پەڕەی تایبەتی (طه حاجی محمود شاعیر- Taha Hajemahmod).
٥- پەڕەی تایبەتی (جەوهەر جەلال- Jawhar Jalal).
٦- پەڕەی تایبەتی (حەمەسەعید حەسەن- Hemeseid Hesen).
٧- پەڕەی تایبەتی (ساڵح بێچار- Salih Bechar).
٨- پەڕەی تایبەتی (مەهدی فاتیح عومەر- Mahdi F. Omer).
٩- پەڕەی تایبەتی (ملکۆ ئەحمەد- Mlko Ahmad).

**به عەرەبی:**

١- اياد محمد صقر، فلسفة الألوان، طبعة الاولى، الاهلية، عمان، ٢٠١٠.
٢- أرسطو، فن الشعر، ترجمة: د.إبراهيم حمادة، الناشر: مكتبه الانجلو المصرية، ٢٠١٤.
٣- جان بول سارتر، ما هو الادب، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات المكتب التجاري للطباعة و التوزيع و النشر، بيروت- لبنان، ١٩٦١.
٤- جاسم المنياوي، موسوعة مصطلحات الفنية، طبعة الاولى، دار الكتاب القاهرة، ١٩٨٤.
٥- محمد حمدي إبراهيم(د)، نظرية الدراما الإغريقية، ط١، سلسلة أدبيات، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، القاهره، ١٩٩٤.
٦- عبد الناصر هلال(د)، تراجيديا الموت في الشعر العربي المعاصر، الطبعةالاولى، مركز الحضارة العربية مصر، ٢٠٠٥.
٧- خريستو تودوروف، نقد مفهوم علم الادب عند رولان بارت- الاداب الاجنبية، ترجمة: حسين جمعة، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.

**به فارسی:**

١- ويليام شيكسپير، هملت، ترجمه: بەازين، پەردەی سوم، صحنەی يكم، نشر دات، تهران، ١٣٨٧.